شەکرەبەفر

هۆنراوەی: باست حەمە غەریب

٢٧/٨/٢٠١٣

پێشکەش بە هاوڕێم بەهجەت یەحیا و ساڵوێک لە قژە بەفرینەکەی

ئەوێ دەمێ، هێشتا ئاشنای یەکرت نەبووین

کەچی وەک دوو برای دایکی

لەیەک ئەچووین،

ساڵێکی سەختی غوربەتی

ئەو گۆرانییە ئەفسووناوییە

ناخ و ڕۆحامنی سپی کرد،

هەر وەکوو ئێستای سەری تۆ

(شەکرەبەفرە، بەسەر سەرما

ئارام ئارام، دێتە خوارێ)

هاالوی گەرمی وشەکان

زمانیان ئەهێنایە گۆ

کە یەکەم جار یەکامن بینی

لە دوکانێکی ڕەشتاڵەی

بەدوای عەشقا

سەر چیمەندا،

لەناو ئارددا

سەرت و سەرتاپات سپی بوو

بەاڵم زۆر گەنج لە دیمەندا

ئەو دەمە تۆ،

لە ماندوویی دەست و لە ئارد

شیرینیی عەشق و هونەرت

لەناو لوقم و لەبزینەدا

بەبیرم دێ: بۆ مناالنی کورد ئەنارد

هێشتا تارمایی ڕەو مابوو

ئەو دەمانە هێشتا زۆر کەس

مۆتەکەی دێوەکەی بەغدا

لەسەر سنگیان ڕاوەستابوو

تۆ هاتیتە پێشی شانۆ و

پەردەی ترست هەڵدایەوە: بە دەنگی خۆت و سازەکەت

(بەیانییەک برینی کۆن و نوێ کوالیەوە

پەڕەی مێژوو بە پەنجەی خوێناوی نوورسایەوە)

هەر ئەو دەمە کە بینیمیت

بەهجەت یەحیا

هەستم کرد ڕۆحت سپییە

ناخت بەفرە، دڵت شەکرە

هاوڕێم بەهجەت،

کە قژی "سپی"تم بینی

بوو بە تابلۆ لە بەرچاوم

تاڵێک گوفتاری سپیتە

تاڵێکی تر،

هەڵوێستی هەمیشە "سپی"ت

تاڵێکی تر خۆشەویستیتگەلێ "تاڵ"یش سووتانی

سپی سپیتە،

بۆ عەشقێکی سپی و جوان

هەموو تاڵەکانی ترت

خەمی سپی سپیی تۆیە

بۆ کوردستان.

بەهجەت یەحیا،

سەرت بەرزە وەکوو چیاکانی واڵت

لووتکەش ئەو دەم شیرنرتە

کە تاجی بەفرێکی سپی

وەک قژی تۆ، لەسەر ئەکات